بەهای وێنەی شیعر لە چیدایە؟..
سەران محەمەد

دەروازە

سەرەتا پێم خۆشە جارێکی تر ڕاشکاوانە بگەڕێنەوە سەر شیعرو قسە لە پێکهاتەیەکی سەرەکی ئەو هونەرە باسایە بکەین، کە لەو باوەدام تا زیاتر بە شێوەیەکی تیۆریی و پراکتیکی بڕۆچ و پناکانی شیعردا ببچین، ئەوا زیاتر بەرچاووونی بە نەوەی نوێی شاعیران دروست دەبێت، چونکە هەست دەکەم بەشێکی باشیان دوورن لەو شارەزاییە پێویستەی کە دەبێت هەیانبێت لەو ووە جەراوجەرانەوە، پێش ئەوەی دەست بکەن بە نووسین و بەاوکردنەوەی شیعرەکانیان، یەکەکیش لە هەکارەکان ئەوەیە نەك خەیان بەدواداچوون و پرسیار ناکەن، بەکو ئەو کەسانەی خەیان بە سەرپەرشتیاری سەکە ئەدەبییەکان دادەنێن و لە هەمان کاتدا شیعریش دەنووسن چ جار نزیکی ئەم بابەتە گرنگانە نەکەوتوون، ئیدی نازانم هەکارەکان چین؟ لەم دەرفەتەدا لە ژێر ڕۆشنایی دەقی (بەسەر شێپەلی خەیاڵەوە) کەمەك تاوتوێی لایەنی هونەریی و پێکهاتەو وێنە شیعرییەکان دەکەین، بەحوکمی ئەوەی وێنە ڕۆگەزێکی گرنگی شیعرە، بەڕادەیەکیش ئەوە ناگەیەنێت ئەگەر هەر جارەك وێنەمان بە وشە دروست کرد، ئەوا شیعر لە دایک دەبێت، چونکە هەموو وێنەسازیەك بە وشە شیعر نییە. شاعیری سەرکەوتوو ئەوەیە کە بیرەکە بکاتە وێنەی گونجاو بە بەرهەمهێنانی دەقێکی دەوڵەمەند کە لە شێوازی بەکارهێنانی ئاخاوتنی ڕۆژانە دوور بکەوێتەوە.

لەهەمان کاتیشدا دەکرێت دەقێك پێ بێت لە مانگ و شێپەل و ئاو و سەبەر و ئاسمان و خەیاڵ، بەڵام ئەگەر ئەمانە لە ژێر ئایدیایەکی یەکگرتووەدا پێکەوە نەبەسترێنەوە، لە پێناوی خزمەتکردن و پەرەپێدانی لایەنەکانی هەست و بیرەکەو ڕیتم و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان بەشەکانی شیعردا، ئەوا دەق وەزیفەی بەشیعربوون ناگەیەنێت و نیوەناچێ دەمێنێتەوە، دەکرێت لە باشترین دەخدا ئەگەری هەبوونی کەمێك وێنەی جوان لە ئارادا بن، بەڵام ئەمە نابێتە هەی هەبوونی شعرێکی بەهێز.

دەقە شیعرییەك وەك نموونە:

.....

بەسەر شەپۆلی خەیاڵەوە
.....

نیوەشەوە بە عەشقەکی تاڵخ و لاوەوە،...
وەک پەرەسیلکەیەک بەدەم کەچەوە،
سەرم پڕ لە خەونی تۆ کردووە.
سەرگەردان دەفەم و ناگەمە هیچ ئاسمانێ!
ئەی خەیاڵی بەسەروشوێنی من!
چەند ئاسمان لە خەمم جیا دەکاتەوە؟
کەچی باهەزی خەیاڵ لە تووڕەیدا
هەر دەلووڕێنێ...
هەندێ جار...
یادەکانت، وێنەکانت، نامەکانت،
لەناو کەرۆشکەی خەیاڵمدا
ماندووبوونی خەیان دەشکێنن.
لە ناو فرمێسکی پەنجەرەکەمدا،
مانگ وەک ماسیەکی سپی
خەی دەشارێتەوە لەم.
من تابلۆیەکی ونبووم
کە هەشتا بەنی دەستکانی تەی لە دەت.
ئای، چەند خەشە... با لەگەڵ دەنگی تەدا
چاوشارکێ لەگەڵ هەستەکانمدا دەکات!
کاتێ ناوت دەهێنم،
شکۆفەی گوڵی ئینجانەکانم
گوێ لە ئاوازی خەیان دەگرن.
ئەو ساتەی تێ نیگام بە دەکەی،
سەبەرەکان کەچ دەکەن بە لای ڕووناکی؛
داڤینشی فڕچکەی دەشکێنێ،
چونکە زەردەخەنەکانت ئەو تلیسمەن
کە هیچ تابلۆیەکی هونەری نیگاری نەکێشاون.
بووم‌لە و من لەسەر باڵی شەپۆلێک دەمم...
کە دەریای هەرگیز تیا لەدایک نەبووە.
ئەوەی لە ژێر پەمداێ ئاو نیێ،
یادی سبەینێیەکە کە هەشتا نەهاتووە.
دریخا تێ لە هەموو ئاوێنەکاندا پشت لە من دەکەی،!
بەڵام هەموو ئاوێنەکان
ڕوو لە من دەکەن!

کە فڕی ئاوی کرد وەنەی ئاگر هەبگرێ؟
کە فڕی شەپۆلی کرد کەنار بە پێگەیشتن بخوڤنێ؟
لە شەوکدا، ئەستێرەیەک
لە ئاسمانی چاوکانتدا کشا؛
بەیانی… هەموو ئاسمان کوڕ بوو!
ئەستا هەرچەند تە ووتی ،
بەهام نەبوونت،
لە ئامادەبوونی هەموو شتەکان ەاستێرە.
من بەسەر شەپۆلی خیاڵەوە بە تە ناگەم،
بەکو خیاڵ…
هەر جارەک، بەسەر شەپۆلی منەوە
دێگات بە تە.
لە کەتایی شەودا،
کاتێ چراکانی خەی خامۆش دەکات،
تەنیا ئەو خەونە دەبینێ کە نەخەوتووە.
شاید خودا دونیای لە تاریکی دروست کردبێ،
بەهام عاشقەکان…
تاریکییان لە ەووناکیی موتەربە کردبێ.
لە ناو باخەکی بەهاردا،
با نامەیەکی کەنی دەخوەندەوە؛
پەەکان هەموو سپی بوون،
تەنیا بەنی دەستەکانی تە «وشە» بوو!
ئەو کاتێ تێگەیشتم:
مرۆف هەرگیز لە شوێنەکدا ناژی،
لە بیرکردنەوەی شوێنەکاندا دەژی.
ئەمشەو کاتژمێر سکوتی لە ئێزنێ گرتووە،
چرکەکان وەک مەم بە ناو تەمەنمدا دەچەنەوە.
من لەگەڵ سەبەری خەمدا قسێ دەکەم،
بەهام سەبەرەکەم
هەر جارەک بە دەنگی تە وەهامم دەداتەوە.
ەەنگێ لە ژیانی پێش لەدایکبوونماندا،
ئەمە دوو گوڵی ئاوی بووبین لە ەووبارەک
کە ئێستا هیچ نەخشێیەک نازانێ بە کوێ دەەوات…
بەیە هەر کاتەک باران دەبارێت،
دەم بە شتەک بە تەنیا دەگری،
کە هەرگیز لەبیرم نەبووە چییە.
ئەگەر مردن دەرگایەکی تر بێت،

من تەنیا یەک پرسیارم هەیە:
ئایا لەو دیوی کاتیش،
خەیاڵ هەشتا شێڵ دروست دەکات؟
یان ئەویش وەک تۆ لە پشمەوە دەڕوا و
من بەدوای بۆنی جەنگەکانتدا ئاوارەم؟
چونکە هەندێک دیدار لە زەویدا وونادەن؛
دەبێت ئاسمان، خۆی خۆی تەواو بکات،
تا دوو دڵ لە یەک خوندا
یەکتر بدۆزنەوە.

چەند تێبینییەکی خۆرا:
.....
کاتێک دەقەکە دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت یەک تیمەی بەهۆزو ئایدیای یەکگرتوو، وێنەو کەپڵەکان لەخۆ ناگرێت، بگرە بەر دووبارەبوونەوەو زۆریی وێنەی شیعریی دەکەویت کە جەنگە لە هەرکەپڵەیەکدا دوو تا سێ وێنەی تیا بێت، بەڵای من ٣-٥ وێنە بەس بوون لە کەی گشتی شیعرەکەدا، چونکە شیعر هەر وێنە نییە، بەڵکو ئایدیاو تەکنیک و بابەت و پێکەوەگرێدان و گەمەو هونەری زمانەوانییە، تەنانەت هەندێک جار لەم دەقەدا وێنە و چەمکەکان زۆر دوورن لەیەکەوە، بگرە دژو پێچەوانەو ناپێوەندیدارن، وەک (ئەمشەو کاتژمێر سکوتی لە ئۆژنە گرتووە/ چرکەکان وەک مەم بە ناو تەمەنمدا دەچنەوە) نازانم ئۆژنە چ پێوەندییەکی بە کاتژمێرەوە هەیە؟ یان ئایا مەم دەتوانێتەوە یان دەچنێتەوە؟
هەروەها لەهەندە جێدا هەر کەپڵەیەک مانای سەربەخۆی خۆی دەدات، وەڵای ئەوەی لە هەندێک جێی تردا مەرکی زمانی ئامێریی پەیدیارەو وێنەکە حەشوەە یان ووتکردنەوە دەدات لەبری وەسف وەک (یادەکانت، وێنەکانت، نامەکانت) هەروەها ئەم کەپڵەیە پاراویی و توانیی شیعریی تیا نابینرێتەوە (ئێستا هەرچەند تۆ ووتی ،بەڵام نەبوونت، لە ئامادەبوونی هەموو شتەکان ڕاستترە.).
جگە لەمانەش دروستکردنی وێنەی ناشعریی وەک (فرمێسکی پەنجەرە) ئاگەر شاعیری بەڵێز بینووسیایە فرمێسکی سەر پەنجەرەکەش شتێکی لە حاڵی دەبووین. هەروەها هەندێک جەکخستنی وێنەو کەپڵەکان ناڕوونی و تەنانەت نامەعقولیان پەیدیارە، وەک (کە فڕی شەپۆلی کرد کەنار بە پەگەیشتن بخوەقێنێ؟)، (ئەی خەیاڵی بەسەروشوێنی من!/ چەند ئاسمان لە خەمم جیا دەکاتەوە؟/ کەچی باهۆزی خەیاڵ لە تۆیدا/

هەر دەلوورێنن...)لە شوێنکدا خەیاڵ بزرە، لەلاوە تووڕەیە و لەجیاتی ئاوەی بگۆڕێنە دەلوورێنە! ئەنجا نازانم ئایا (چەند ئاسمان لە خەمم جیادەکاتەوە) لای ئاوە چی دەگەیەنێت؟
یاخود کەپلەی (لە کەتایی شەودا،/ کاتە چراکانی خەی خامۆش دەکات،/ تەنیا ئاو خاونە دەبینێ کە نەخەوتووە./شاید خودا دونیای لە تاریکی دروست کردبێ) لەرەدا ئەم کەپلەیە ئاوە دەگەیەنێت کە شاو خاونك دەبینێت کە نەخەوتووە؟ وشەی شایدی فارسیش ڕەنگە شایەتی خەمان بێت و شاعیر لەیادی چوو بێت بیکاتە وشەیکی شیعریی، لەگەڵ ئەمانەشدا دووبارە کردنەوەی وێنەی شتەکان بە جۆری جیاواز دەتە پێشچاوی خوێنەر، وەك ئاوەی لە شوێنکدا بڵێ دەبێتە وشە (تەنیا بڵێی دەستەکانی تە «وشە» بووا!) لەشوێنکی تردا تابلۆ بڵێی دەستی ئاوی لێ دە، لەشوێنکی تریشدا بڵێ دەخرێتە پاڵ ڕەنگ (من بەدوای بڵێی ڕەنگەکانتدا ئاوارەم؟)، ئەمە جگە لە چەند بارەکردنەوەی زۆری وشەکان لەو دەقە کوردەدا بەم جۆرە: (خاو ٤جار، خەیاڵ٦جار، ئاوێنە٢جار، ئاسمان ٥جار، تابلۆ ٢جار، ئاو٤جار، شاو٣جار، سپی٢جار، سەبەر٣جار، شوێن ٣جار، شەپۆل٥جار، گوڵ ٢جار، بڕ٣جار) کە هەست ناکەین ئەم دەستواژە گشتییانە خودی دنیابینی و خوازەی شاعیر بن، بەهەی زۆریی بەکارهێنانیان لە لایەن شاعیرانی پێشینەوە..
ئەمانەو وەك ئاماژەی بزربوونی شاوازو ئەزموون لەم دەقانەدا، چونکە ڕەنگە هەر جارەو ئامادە جۆرە شاوازو فۆرمێکی جیاواز بەکاربهێنێت.
بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا من هیچ لاریەکم لە توانای شاعیری بەهێز نییە لە پێشکێشکردنی دەقی ناوازەو جواندا، بەتایبەتی کە ئاو لە مەڕە لە دنیای ئازاوەی ئەدەبی منداڵان و هونەرو ئەدەبدا بە گشتی ئاسپی خەی تاو دەدات، بەڵام هەر ڕەنگە ئەم دەقە بە تەنیا هاوە و تاقیکردنەوەیەکی جودای شاعیر بێت وەك ئەزموونێك، لەگەڵ ئەمەشدا نکۆڵی ئاوە ناکەم وەنەی جوانی تەدایە وەك ئاو کەپلەیەی (دافینشی) تەدا هاتووە.

ووکردنەوەی زیاتری خاڵەکان:

ئێستا با کەمێك بە درێژتر، چەند نموونەیەکی وەنەیی لە شیعری (بەسەر شەپۆلی خەیاڵەوە) وەربگرین و وتوێژیان لەسەر بکەین:
١- «ئەمشاو کاتژمێر سکوتی لە ئاژنە گرتووە»
سەرەتا کە دەیخوێنینەوە ڕەنگە لە ڕووی دەنگ و ڕەکخستنی وەنەوە سەرنجاکێش بێت، بەڵام پرسیاری ئاوەمان لەسەرەتاوە بە دروست

دەبێت: پەیوەندیی ناوکی «کاتژمێر»، «سکوت» و «ئێژن» چییە؟
ئەگەر ئەم وێنانە لە کۆپلەکەدا لەگەڵ یەکدا و هەروەها لەگەڵ کەی
دەقەکەدا پێکەوە پەیوەست نەبن ، ئەوا وێنەکە بەسەر خۆیدا
دەشکێتەوە و هەر خەی بە تەنیا دەمێنێتەوە و دواجار لەکاتی
شیکارییدا لەگەڵ هەڵدەوەشێت، چونکە ئایەکی نهێنی لە نێوان
زنجیرەی وێنەیی کۆپلەکەو کۆپلەکانی تردا نابینرێتەوە و لەرەوە
دەتوانین بڵێین بە لابردنیشی لە شیعرەکەدا هیچ کاریگەریی لەسەر
کەی گشتی دەقەکە نابێت .
٢- هەمان شت لە وێنەی:«چەند ئاسمان لە خەمم جیا دەکاتەوە؟»
دەبینرێت. «ئاسمان» لێرەدا چەمکەکی فراوانە، بەڵام «چەند ئاسمان»
و «لە خەمم جیادەکاتەوە» پەیوەستی بە بنەمایەکی وێنەیی یان
شێتێیی هەشکاریی هەیە بە ئەوەی خوێنەر بتوانێت پەیوەندییەکەی
بدەزێتەوە. ئەگەر خوێنەر نەیگاتە، ئەوا لە باشترین باردا دەبێتە
«دەربڕین لەکراوەکی قووڵ» بەبێ ئەوەی قووڵییەکەی لە ناو دەقەکەدا
هیچ ماناو وەرچەرخان و بەهایەك دروست بکات.
٣- هەروەها «خەیاڵی بەسەروشوێن» دواتر «تووڕەیی» دواتر «دڵووڕانێ»
نموونەیەکی ترن بە ئەوەی بڵێین هەموو خوازەیەک بە تەنیا بەهەی
سەیرو سەمەرەیی و بە زیادکردنی سیفاتی تر کار ناکات. خوازە
پەیوەستی بە مانتیقەکی شیعریی هەیە؛ ئەگەر خەیاڵ دڵووڕانێت،
دەبێت دەق ئەو جۆرەیمان پێ بناسێنێت، کە لە بنەڕەتەوە چەمکەکان
بە هەڵە لەکدراون و لە کۆتاییدا لە ڕووی شیعرییبوونەوە بەرهەمهێن
و داهێنەرانە نین.
٤- هەروەها لەبارەی وێنە شیعریی «فرمێسکی پەنجەرە» وەش، ئەگەر
مەبەست بارانی سەر شوشەیە، دەکرێت وێنەکە بە شۆیەکی وردتر و
نائاماژەییتر ڕەکبخرێت. وێنەی شیعریی نابێت تەنیا ناوی شتێک
بگەڕێت بە ناوی شتێکی تر؛ دەبێت شۆەی بینینی شتەکە بگەڕێت.
وەڵای ئەمەش ئەوەی زەر گرنگترە: پەیوەندیی وێنەکانی کەی دەقەکەیە
پێکەوە، لە پێناو خزمەتکردنی ئیستاتیك و تیێمێ و دەلالەتەکاندا.
شعرێکی یەکانگیرو پوخت و پتەو؛ پەیوستی بەو نییە هەموو کۆپلەکان
هەمان شت بڵێن و بەجۆرێک لە جۆرەکان یەکتری دووبارە بکەنەوە؛
بەڵکوو هەر کۆپلەیەک دەبێت کارێکی نوێ لە گەشەپێدانی هەمان
جیهانی دەقدا دروست بکات. ئەگەر بتوانیت کۆپلەیەک لابەیت و هیچ
شتێک لە ئاراستەی دەقەکە نەگۆڕێت، ئەوا کۆپلەکە ڕەنگە زیاتر
«وێنەی جوان»و پێراوێزێك بێت، تا ئەوەی پێکهاتەیەکی پەیوستی
شیعرەکە بێت.
بە نموونە لەم دەقەدا کەمکردنەوەی وێنەکان دەتوانێت دەقەکە
بەهێزتر بکات. نێک وەکو یاسایەك بڵێین هەر دەبێت «تەنیا ٣-٥

وێنەبن ، بەکوو بەو پرەنسیپەی: هەر وێنەیەک دەبێت کاری تەواوی خۆی بکات.
ئەگەر یەک وێنە هەمان کاری وێنەی پێشووتری کرد، ئەوا پێویست بە دانانی ناکات لە ناو دەقەکەدا و دەبێت لابببرێت. ئەگەر وێنەیەک دەقەکە بڕەو ئایدیای سەرەکی نەبات، پێویست ناکات لە کۆتا نووسخەی دەقدا بمێنێتەوە هەر لە یەکەم قۆناغی پاکنووس کردندا دەبێت لابببرێت. تەنانەت ئەگەر تەنیا بە «جوانکردنی» کەپلەکەش هاتبێت، ئەوا زەرجار باشترە بسەدرێتەوە.
٥- هەروەها سەبارەت ئەو ژمارە زۆرەی چەند بارکردنەوەی توخم و گەزی وێنەکان، کە زەرجار بڕ وێنەیەکی نزیک لەیەکترو و دووبارەبووەوە دەبینەوە، ئەمانە هەموو بڕەهای دەقەکە دادەبەزێنن، وەک ئەوەی ئەو زاراوانە زۆر دووبارەن لەناو زۆر لە شیعری شاعیرانی پێشیندا. هەرچەندە لە ڕاستیدا دووبارەبوونەوە خۆی لە خۆیدا نەنگییەی نییە، بەمەرجێك هەر جارەو بە جۆرێکی جیاواز و مانای نوێی لە پێك بهێنرایە.
کەشکۆڵی ئەوەیە بە نموونە کاتێک وشەکانی:
خەون/ خەیاڵ / شەپۆل / ئاو / ئاسمان / شەو / سەبەر...
بەکاردەهێنرێت، هەر یەکەیان زۆر نزیکن لەوەی تریان، ئەگەر هاومانای نەبێت و لەکۆتاییدا هەموشیان دەچنە ناو هەمان جێگەڵە و هیچ پەرەپێدانێکی نوێ لە کۆتایی دەقەکەدا دروست ناکەن. ئەوا خوێنەر گومانی لە ساغڵەمی ئەو سیستەمی وێنەسازییە شیعریە لا گەلاڵە دەبێت، بەتایبەتیش کە وێنەکان لەناو یەك بازنەدا دەخولێنەوە ناگەنە هیچ دەرچەیەکی نوێ.
٦- هەروەها سەجار بەکارهێنانی وشەی (بۆن) لە دەقەکانی:
« کە هێشتا بۆنی دەستکانی تێی لێ دێت.»
« تەنیا بۆنی دەستکانی تێ «وشە» بوو!»
«بۆنی ئەنگەکانت»
وادەکات خوێنەر بپرسێت: ئایا مەبەستێکی تەکنیکی و ئافراندنی شیعریی لە پشت ئەو بەکارهێنانەوەیە یان نا؟ ئەگەر نەبوو، ئەوا دەگاتە ئەو بڕیارەی بڵێت: لێرەدا «بۆن» دەبێتە وشەیەکی ئامادەکراو بە هەموو جۆرێک لە وێنەسازیی، کە سنووردارییە فەرهەنگیی دەردەخات، بەتایبەتی کە هیچ نوێگەریی و ئەزموونێکی تایبەت لە پشت ئەو دووبارە بەکارهێنانەوە نەبێت، وەک ئەوەی هەر جارێک (بۆن) ماناو شێوەی جیاواز و نوێی بگەیەنێت.
٧- لە لایەکی ترەوە خوێنەر بۆی هەیە بپرسێت: ئایا لە شیعرێکی کوردیدا بەکارهێنانی وشەی «شاید» وەرگیراو لە زمانی فارسییەوە شتێکی باشە یان خراپ؟

بەرام کاتێك دەبینین شیعرەکە کوردییەو لەناکاو ئەو وشەیە لە سەرەتای دێڕەکدا سەرهەڵدەدات، ئەو پرسیارە لای خوێنەر دروست دەبێت کە ئایا ئەو بەکارهێنانە هەکاری ئەدەبیی و جوانکاریی لە پشتەوەیە؟ ئایا دەنگ و ریتمێکی نوێ و داهێنرانەیە؟ یاخود مانایەکی تایبەت زیاد دەکات بۆ کەپلەکە؟ تەنانەت ئایا ئەو وشەیە شیعرییە یان زارەکی؟... ئەگەر هیچ کام لەمانە نەبێت، ئەوا زیاتر وەك وشەیەکی ناپەویست دەردەکەوێت و زیان بە بونیاتی دەقەکە دەگەیەنێت.

کەواتە بە کورتی شیعر تەنیا کەکردنەوەی وێنەی جوان، یان قەرەباغ نییە؛ بەڵکو بریتییە لە دروستکردنی سیستەمێکی هەستەکی و هزریی و هەش، کە هەموو وێنەکان تێیدا بەیەکەوە کار دەکەن و بونیاتی دەقەکە تەواو دەکەن.

ئیدی لێردا دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە بەکارهێنانی وشەکانی وەك «مانگ و پەنجەرە و دە و باران»، ئەوە ناگەیەنێت دەق بەند بکات بە ئاستی شیعرێتی، تەنیا لەبەر ئەوەی دەنگی وشەکان شیعرانەیە!

ئەمەی لێردا سەبارەت وێنەکان نووسیومانە ڕاگوزەرەکە کە لە «جوانە»وە تێپەڕیوین و پرسیومانە «بۆچی ئەو وێنانە لەوە دانراون و کاریان چییە؟» – ئەمەش خەی لە خەیدا پرسیارو بنەمایەکی ڕەخنەی شیعرییە.

کەواتە کەشەی دەقی «بەسەر شێپەلی خەیاڵەوە» تەنیا زەریی وێنە شیعرییەکان نییە؛ بەڵکوو وێنەکان سیستەمێکی یەکگرتوو دروست ناکەن لێنەو خەیاندا، بە نموونەی وەك پێشتر باسمان کرد:

«کاتژمێر سکوتی لە ئژنۆ گرتووە»

لێردا «سکوت» کراوە بە شتێك کە کاتژمێر دەتوانێت بیگرێت، و ئەو شتەش لە «ئژنۆ»وە گیراوە. سێ پەیوەندیی خوازەیی لە یەك هەدا هەن، بەڵام دەق هیچ پەیوەندییەکی پێشین یان دواتر بەوێنەکانماندا پێ نادات کە ئەم وێنەیە بۆ تەنیا بتوانێت وێنەیەکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو بگەیەنێت، تا بزانین لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەچێت؟ واتا چی بەوێنەی پێش و پاشی خەی دەبەستێتەوە؟...

هەروەها «چرکەکان وەك مەم بۆ ناو تەمەنمدا دەچێنەوە»

ئەمە بۆ تەنیا دەتوانێت وێنەیەکی مانادار بێت: کات = مەم، تەمەن = شوێنی توانەوە. بەڵام کاتێك لەگەڵ وێنەی «کاتژمێر – ئژنۆ» بخوێنرێتەوە، دوو سیستەمی جیاوازی خوازەیی بەبەر ڕایەڵ و پەیوەستیی دروست دەبێت، وەڵای هەڵبژاردنی فرمانی هەڵە بۆ وشەکە کە دەبێتە هەی دروسکردنی وێنەیەکی ناتەباو لەق، وەك بەکارهێنانی (چەقانەوە) کە بۆ شلەمەنی بەکاردێت نەك بۆ مەم کە کورد دەڵێت:

مەمکۆ تواینووە.
ئەمیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی بە هێکیکی و ناتەبایی ناوی بونیاتی وێنە شیعرییەکان ببیین وەك لیرەدا هەوونمان کردنەوە بەمان دەرکەوت.
کەواتە جارێکی تر دەڵێم:
«شیعر بەتەنیا هەر وێنە نییە، تەنانەت ئۆگەر وێنەکێش سەرکەوتوو و نوێ بێت.»
بەڵکوو شیعر دەتوانێت لەم پێکهاتانەدا خۆی ببینێتەوە و دەقی باش ببێتە مایەی سەرسامکردنی خوێنەر:
ئایدیا + دەنگ + وێنە+ ریتم + خوازە و هەوانبێژیی + پێکهاتە + هەست + کورتبڕی + ناڕاستەوخۆیی + پەڕپێدان+ ئێندێشە+ سەزو جێش... هتد
کەواتە وێنە لەناو هەموو ئەمانەدا تەنیا هەر یەک ئامرازو پێکهاتەیە، ئەویش ئۆگەر بە شیوەیەکی دروست و تەواو هەك بخرێت و لەدەقدا جێی بکرێتەوە.
لەکۆتاییدا خوازیارم ئەم دەمەتەقێیە سوودی بە هەموو لایەك هەبووبێت و هەر بەهەزەك دەیەوێت لەم بارەوە شتەك زیاد بکات جێی دەستخۆشیەو دەنیاشم دێی شاعیری بەهەزیش زۆر لەوە فراوانترە کە هیچ لەکەدانەوەی هەك بە ئەم سەرنجە خیرایانە بکات، جگە لە خەمخۆریی بە شیعر نەبێت.

سەران محەمەد

پەویستییەکان.. شیعری داستان بەرزان

پەویستم بە وردە شتانەکە
بە بەسەربردنی ژیانەک
جووتە زار بە هەدانی بەردەوام و
بەهودبوون لە دوو شەش.
سەاو لە (حەسەن زیرەک)

ێزێک پوولی دەمینە
بە دوو شەشی تەپیوو
ناخۆشی دوو شەش ئەویە کە دەت
بڕام لە کاتێکی خراپدا.
سەاو لە (داستان بەرزان)

پەوسیتم بە هستێک کاغەزی یارییە بە بیست و یەک
ئەگەرچی دەزانم: چوارەم کاغەز
جە- کەر بە بارێک جەوە خەی دەکات بە چقڵی چاومدا
لەوەدا خوازیارم جەکەی بڕژم و
سواری کەرەکەی بم
بە دەم جوینی خەونەوە بڕم
تاکو دەتەقم لە تاو جەی کەر
ببورن من سووتام.
سەاو لە (دەستێقسکی)

پەویستم بە ڕژێێک زەنگیانەیە
بە هەنینەوەیان لەبەر تاریکی شەودا
دەنک.. دەنک.. دەنک..دەنک
تاکو دواین دەنک
بەر لە گرەدانی بەنی بەبەن
ترازانی بەندی سووخمە نا
ترازانی بەن
بمکات بە شوەنکەوتەی بەنگ.
سەاو لە (نالی)

پەویستم بە پڕڕەی سپییە
بە نووسینی هەندێک نامە
کە دەزانم هەرگیز ناگەن
چڕەی نووسین لە دروستکردنی بەشاییدایە
بەشاییەکی بەرین
درزێک هیچ جێیەک نییە
کەواتە: سەاو ئەی بەشایی بەرینی ناو ئەم شیعرە.

پەویستم بە سەدانیکردنی دکتەر
بە سەرقاڵی
بە گڕانەوەی بەسەرهات
بە ئەوەی

گوایە ئاگام لە حاڵی خەم
ئەو نەخۆشییەکانی من و
من نەخۆشییەکانی ئەو
بەزارمان دەکەن!
دەنا چارەی دەردی من لە کوێیە؟
چ شتێک نییە
جگە لە درێژکردنەوەی گەمەیەک
جگە لە تەماشاکردنی درزێک.

پەویستم بە ژیانێکە
چا بێ/ چا نەبێ
هەر دەبێ
سەاو لە (پیرەمەرد)
جا بیبێ
یان
نەیبێ
هەر دەمێنێ
من بێ دە یادی بکەم.
سەاو لە (مەحوی)

بە هەرچی چوویت
لە قووڵاییەوە دەستی پێبکە
تەنکایی زەدی خۆشباوەکانە
مرۆڤی قووڵایی یەکجار تەفرتوونا
یان
بە هەمیشە ڕزگاری دەبێت لە زنجیرەکان
دەیشکێنێ کەتەکان
تف دەکاتە مەرزەکان
دەیبڕێت سنوورەکان.

بە هەر کوێ چوویت
بەرەو نەزانراو پەهەگرە
مەودا زانراوەکان مانی بچووکەکانن
مرۆڤ لە نەزانراودا یەکجار دەبەتەوە
یان
دەچێتە سەروو مرۆڤ
جێدەهێڵێت بتەکان
پشت دەکاتە سەرکەکان

لە گۆیان دەنێت باوکەکان.

مرۆڤی تەنکایی‌ەکان
دەستی بە کاوەکی شۆوەیە
-با- بە هیچ کوە نەیفڕێنێ!
مرۆڤ لە قووڵاییدا تووڕەی دەدات
کاوەک نازانێت کە ناوی تەسەری؟
کاوەکەت لەگڵ
کاوت بە چیی
بڕۆکەت با بدڕێ
بڕۆت بە چیی؟
سەرت با بفڕێ
با بفڕێ سەرت
بفڕێ با سەرت.

شتێک بکە وەکو مرۆڤ
نەک شتێک بە باوەڕی بچووکی ئەوان بکات
ئەوان کە دەڵێن: ئەوەی بووە هەر دەبێت ببێت!
بڕۆام لە ڕاستیدا ئەوەی بووە
تە مەهێڵە ببێت
بیگۆڕە بەوەی دەتەوێت
با ئاستەم بێت
چەند ئاستەم بێت؟
ئاخۆ چی دەبێت/ ئەگەر بێت
جەگاگۆکەی شەو بە ڕەژ بێت!

مەزنەکان لە قووڵاییدان و
ناخنکەن
مەزنەکان لە تەنکاییدا
دەتوونەوە!

هەرچی ڕوویکردە نادیار
ماوەتەوە بە بەندی!
هەرچی خزایە تەنکایی
زیاتر چییە لە تەپۆڵک
پەڕاشی قووڵاووی؟

من پێویستم بە هەندێک شتی ورد

هەندێک شتی زۆر پڕاوڕز
زۆر کەنارگیر و
دوور..دوور
تاکو لێم پڕاوڕزدا بێ وردی بژیم
لە کەناردا خۆن
لە دوورە ئامان.

ژیان شتێکە چەندی وردی بکەیتەوە
تێدەگەیت تاکو کۆ وردە!
وردە…وردە
(ئەمەم لەگەڵ خۆم)

تۆ پێویستت بە هەندێک شتی گەورەیە
هەندێک شتی زۆر لەبەرچاو
تاکو لەبەرچاواندا بێ گەورەیی بژیت.

ژیان شتێکە چەندی تەماشابکەیت
تێدەگەیت تاکو کۆ گەورەیە!
گەورە…گەورە
(ئەمەم لەگەڵ تۆیە)

پێویستم بە هەڵکانی ناو لەپی دەستم هەیە
بەوانم و
هەرجارەی بە جۆرێک
خۆم لێکبدەمەوە.

من شۆڕەکم
من ناوەڵکێک
دەیەوێت شیبکرێتەوە
نێک تەنیا بخوەندرێتەوە
ئەوەتا دەزانم
زۆر تەناپەڵت
دەچمە شۆڕەی ترەوە
دەچمە مانای ترەوە
دەچمە ژیانی ترەوە
شادی دەخەمەوە
من شادانە دەژیم.

خۆم پڕرش

لە دنیادا وێنەیەکی بزەوم
ئاسان ڕوون ناکرێمەوە
من کانیەکم لە سەرچاوەیەکی بەگڕرد
شادومانی لەهەڵدەقووڵێت
دەنگ سەر ڕێگام
مرۆڤی گزگل
مرۆڤی شڵاک
مرۆڤی سکراب
مرۆڤی بەکارهاتوو
مرۆڤی فڕۆشراو
مرۆڤی بەسەرچوو
وشەکانیان وەکو بەرد
لێخنم دەکەن و
لە بیرەوەریی زەویدا دەمسڕنەوە
من ناسەدرەمەوە
ناکوژمێ
شادتر دەمەوە.

من پێویستم بە مانای نوێ هەیە
پەی پێنەبراو/ سەخت
من پێویستم بە مانا دیکە هەیە
سەرهەڵگرتوو/ دوورەدەست
من مانایەکی دیکەی ژیانم دەوێت
هەڵیکی دیکە
نیگایەکی دیکە.

من دەڕۆم بۆ ڕووبەرکانی تری گەردوون
یەکجار دوور.. دوور لێم گەردوونەوە!
من دەڕۆم بۆ ناو کاتکانی بزربوون
خۆنەک دەبم خۆم نەتوانم بیگێڕمەوە
من دەڕۆم و دەڕۆم و ذەڕۆم
بۆ ناو گەردوونکانی دیکە.

مژوویەکی ناڕوون دەبم
بەسەرهاتێک لە یادگەی دەریادا
قارەمانێک خەی کوشتبێت
هەڵیەک باڵی خەی کردبێت
من دەڕۆم و دەڕۆم و دەڕۆم.

پەویستم بە تاریکایی بەسنوورە
بە گەشتەکی بەچاڕنووس
بە بەرگەگرتنی درێژی تاڵیی کابووس
بە نەبەانووی خەونی قەترانی.

من دەبەت دیارنەمنم
هەرچی زووە واوە بێم
درەنگە یەکجار درەنگە
دەبەت ببمە تەز
دەبەت بێم
ماڵئاوا
ماڵ
ما
نەما
.

هونەرمەندە "وشیار رواندزی" ئەندامی تیپی موزیکی پاشای گەورە کەچی دواییکرد.. کامەران حاجی ئیلیاس

هونەرمەندی موزسیان وشیار حاجی عوسمان ناسراو بە(وشیار رواندزی)،ساڵانێك بوو وەکو هونەرمەندێکی موزسیان لەگەڵ تیپی موزیکی پاشای گەورە کاری دەکرد،هەر لەگەڵ ئەم تیپە بەشداری چەندین فیستیڤاڵی هونەری لەسەر ئاستی کوردسان و عێراقدا کردبوو ئەو لە ژنینی چەندین ئاهەنگی دەستێکی باڵای هەبوو وەکو ئاهەنگانی ئەرك، ریتم، پیانۆ، دەف .. بەداخەوە ئەم هونەرمەندە بەهەی نەخۆشی گیانی لەدەست دا.
سەرەتای کاری هونەری هونەرمەند وشیار رواندزی دەگەڕێتەوە بۆ شاری رواندز کاتێ لە ساڵی 1977 دەبێتە ئەندامی تیپی موزیکی پاشای

گەرەو لە هەمان ساڵدا لەسەر دەستی هونەرمەندی گەورە مامۆستا "زرار محەمەد مستەفا" بەشداری لە خوولەکی فێربوونی موزیك دەکات ،لەوساتەوە تا ڕۆژی کۆچکردنی بەردەوام بوو لە کاری هونەری لەگەڵ چەندین تیپ و گروپی موزیکی کاری کردووە لەوانە تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، تیپی پەیمانگەی هونەرجوانەکانی رواندز، تیپی مۆسیقای لاجان، تیپی مۆسیقای ئاوات.. هەر لە شاری سۆران چەندین خوولی موزیکی کردەتەوە زۆرێك لە ژێنیارەکانی دەڤەری سۆران لە ژێر دەستی ئەو پەگەیشتوون .

هونەرمەند وشیار رواندزی بەشداری زۆرێك لەفیستیڤاڵە هونەرییەکان کردوە، لەسەر ئاستی کوردستان وعێراق بەنموونە فیستیڤاڵی چالاکی قوتابخانەکان لە لە ساڵی 1979 لە شاری سەماوە لە خواری عێراق، فیستڤاڵی دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی ساڵی 1982 لە شاری هەولێر وە فیستڤاڵی هونەری شاری دهۆك لە ساڵی 1985 لە دوای ڕاپەرنیش لەساڵی 1991 بەشداری چەندین ئاهەنگی گەورەی کردوە بەتایبەتی لەگەڵ هونەرمەندان (شڤان پەروەر و ناسری ڕەزازی لە شارەکانی رواندز ،ڕانیە، سۆران، هەولێر..هەروەها لە شاری سۆراندا ستەدیەیەکی تەمارکردنی دەنگی هەبوو چەندین ئاوازی بە گرانیبەڕ لاوکان داناوە هەر لە ستەدیەکەی خۆی چەند سرودێکی بە پێشمەرگە تەماری کرد و بە دەنگی هونەرمەندە لاوکانی دەڤەرەکە بڵاوکردوە.

مخابن ئەم هونەرمەندە لە ڕۆژی هەینی 18ی9ی 2026 لە تەمەنی 60 ساڵی بە هۆی نەخۆشی گیانی لە دەست دا لەو کاتەی زۆر لەپڕۆژەی هونەری لە هەگبەدا بوو ڕەحمی شاد بێت.



جەنگی وەرزشکان.. نووسینی/ مەنار حەسەن موسا.. وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە/ فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

لە شونکی ئەم گەردوونە پان و بەرینەدا، لە وەرزی پاییزی جواندا کە دارکان بەرگی نوە دەپۆشن و گیاکان هەدەوەرن، چوار هاوکێکە (زستان، بەهار، هاوین و پاییز) خوویکیان هەبوو: لە کۆتایی کاتی هەر وەرزکدا یەکتریان دەبینی پێش ئەوەی یەکەکیان بەوات و ئەوی تریان بێتە جێی.
بەڵام ڕۆژێک هات، هاوین سەیری بوونەوەرە شاد و ئارامەکانی دەکرد

کە خەریکی کارکردن و کەکردنەوەی خواردەمەنی بوون بۆ زستانی درێژ. زانی کە هەندێک لەم بوونەوەرانە لەبەر سەرما و بەفر ناچار دەبن بچنە ناو خاوی زستانەی قوڵاوە. هاوین دەستیکرد بە بیرکردنەوە لەوەی چۆن ئەم کێشەیە چارەسەربکات.
بیریکردەوە و بیریکردەوە تا بیرکۆیەک بە مێشکیدا هات. هەرچەندە بیرکۆکە گەورە و مەترسیداربوو، بەڵام لەبەر دەسزیی بە زاوی و بوونەوەرەکانی، بڕیاریدا جەبەجێیبکات، تەنانەت ئاگەر ببێتە هۆی شەش و ناکۆکی لەگەڵ براکۆیدا (زستان) و بگاتە ئاستی جەنگیش.
بڕیارەکە ئەمە بوو: هاوین دەمەنتەوە و ناڕوات!
..دیالۆگی نێوان پایز و هاوین..

پایز دەبوو بێتە شوێنی هاوین، بەڵام هاوین نەتیکردەوە بڕوات.
پایز: "هاوڕێی ئازیزم هاوین، تۆ زۆر شتت بە زاوی بەخشی، هەمووان بە چاکە و خۆشویستیەوە یادتدەکەن، بەڵام ئێستا شوێنکێتر چاوەڕێتە و پێویستیان پێتە."
هاوین: "تۆ ئەمە دەڵێیت تەنها بە ئاوای گەورەکێت (زستان) بڵێت! ئاو ستەمکارەی کە بوونەوەرەکان دەخاتە خاوکی درێژ و لەبەر سەرما ئاوارەیان دەکات."
پایز: "ئاگەر پێی بڵێم، لێت تووڕە دەبێت و منیش هەروەها."
هاوین: "من لە تۆ و نە لە زستانیش ناترسم، بۆ و پێی بڵێ ئەی پایزی بچووک."
پایز بە دڵتەنگیەوە ڕۆیشت و لە ڕێگادا بەهاری بینی. بەهار کە زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو، بینی هاوڕێکەی (پایز) زەرخەمبارە.
بەهار: "چی بووە پایز؟ وا دیارە خەمکی گەورەت هەیە."
پایز:کێشەیکی گەورە هەیە… هاوین بڕیاریداوە بە هەمیشە لێرە بمێنێتەوە."
بەهار (بە شکۆوە): "چی؟ چۆن؟"
پایز: "دڵێت دڵیوەت لێرە بمێنێتەوە و زستان نایێت."
بەهار: "ئەی ئەمە و زستان بە کوێ بچین؟"

پایز: "هاوین کێشەی لەگەڵ ئەمە نییە، تەنها کێشەی لەگەڵ زستانە."
بەهار: "بۆچی؟"
پایز: "چونکە پێی وایە زستان ژیان تێکدەدات و بوونەوەرەکان دەچەوسێنێتەوە."
پایز: هاوین پێی وایە زستان وەرزێکی ترسناک و بەدەنگە، ئاو دوژمنی بوونەوەرە لاوازەکانە، بەڵام هەموو بوونەوەران و ژیان

شایستەی وەرزەکی جوانترن.
بەهار: بەڵێ، هاوینیش پێویایە ئەو جوانترین وەرزە.
پاییز: بەڵێ.
بەهار: بەڵام هاوین گومانی تێدا نییە و ئەم قسەیە قبوڵناکات، ئەو تەنها جێبەجێکردنی بیرکەکەی خۆی لەسەر زەوی دەوێت.
لەناکاو هاوین دەرکەوت: "بەڵێ پاییز، من ئاوام و تێناگەم ئەوە چیتان دەوێت، من و پاییز پێویستە لەسەر یەک ڕا بین". هاوین بە دەنگێکی بەرز هاواریکرد: "زستان لەکوێیت؟ ئەم ناوچەیە جێبهێڵە، نە خۆتن، نە سەرما، نە باران، چیدی دەست لەم زەویییە مەوەشێنە، بێ و نیشتمانە جوانەکەم بێ ئاشتی جێبهێڵە".
زستان بێ هەوربروسکە و گرمەی بەرز و بارانی بەخۆ و باوبۆرانێکی تووندەوە هات. پاییز و بەهار خەیان شاردەوە. بەهار وتی: "شێ لە نەوانیاندا هەڵگیرسا و هەردووکمان لاوازین، ئەی هاوەڵم پاییز، کاتی دەربازبوون لەکوێیە؟".
بەهار: مەترسە هاوەڵم، لە تەنیشتم بوستە من دەتپارێزم.
زستان هاواریکرد: "هاوین، چیت دەوێت؟ دەتەوێت بوونی من نەهێیت؟"
هاوین بە هێز و تووندی وەڵامیدایەوە: "بەڵێ، نامەوێت چیتر لەسەر ئەم زەوییە بیت، تووڕەیی زستان و ئەم قسانە بەس".
هاوین وتی: "مانەوە بێ بەهێزترینی پیرە".

زستان بە تووڕەییەوە هاواریکرد: "کەواتە جەنگت دەوێت؟ بگرە ئەوێت بێ هەناون".
وەرزکان کەوتنە جەنگێکی سەخت (بروسکە، با، باران، گرما، بەفی ئاگر، خڕێک کە پێست دەسوتێنێت، شەیکی بەرز). بونەوەرکان بە ترسەوە ڕایاندەکرد، وشکەساڵی و بەفر هەموو شتەکیان دەخنکاند.
بەهار بە بەرزترین دەنگی هاواریکرد: "بوستن!"
هەموو شتەک لە شوێنی خۆی وەستا.
بەهاروتی: "ئایا دەبێت ململانێ لە نێوانتاندا دروست بێت بێ ئەوەی ژیان ڕاست بکەوێ؟"
پاییز وتی: "هاوەکەم بەهار ڕاستدەکات، جەنگ لە نێواناندا تەنها وێرانکاری بەجێدەهێڵێت، ئەمە خولی ئەمەیە بێ ماوەیەکی درێژ، بۆچی جیاوازی هەبێت؟"
بەهار وتی: "بەڵێ، قسەکانت تەواو ڕاستن ئەی پاییز".
پاشان ڕووبەکرد هاوین و وتی: "ئەی هاوین، تۆ لەسەر هەڵەیەکی گەورەیت، لێوانێی زستان سەخت و بارانباوی و پڕ لە هەوربروسکە بێت، بەڵام بەبێ ئەو ئەمە نرخی بەهار و بەخشندەیی هاوین و جوانی پاییز نازانین، و زنجیرەی چوار وەرزەکە تەواو نابێت".

“وە تەش ئەی زستان، پەویستە بزانیت هاوین بە خەروگەرماکەی و پگەیاندنی ەزق و ەەزی لە ەەژکانیدا، سەرچاوەی ژیانی ەاستەقینەیە بە هەموو بونەوەران لە هەموو لایەکی زەویدا، بەبێ ئەو ژیان بە کەس نییە. ئەمە تەنها بە هەموومانەوە دەناسرێین. ئەمە بەهار و پاییزین، بەبێ ئەمە نە تەو، نە گوڵ، نە خۆشەویستی و نە جوانی هەیە. من بەهارم، ژیان دەبەخشم و ئەمە هەر سەمان تام و بوون و جیاوازی بە ژیان دەبەخشین بەبێ هاوەەمان پاییز کە هەمیشە لەبیریدەکەن”.
پەویستە هەموومان تەواوکەری یەکتر بین لەسەر ئەم هەسارە جوانە و نابێت کەسمان ەەی ئەوی تر بسەتەوە.
هاوین و زستان لە کارەکەیان شەرمەزار بوون و داوای لێبوردنیان لە یەکتر کرد. پاشان ەوویان کردە بەهار و پاییز و وتیان: “سوپاس بە ئەوە، ئەوە بەەاستی دانا و ژیر بوون”.
لەو ەەژەوە، چوار وەرزەکە چیتر تووشی هیچ کەشێکی نوە نەبوون.

———

نُشرت قصة ” حرب الفصول” في مجلة شمس الصباح للاطفال

حوسێکان و سعودیە و بابولەندەب!.. عوسمانی حاجی مارف

لەماوەی چەند ەەژەکدا حوسێکان کەنترۆڵی خێان بەسەر کەناراوەکانی ەەژاوای یەمەندا فراوانترکرد، گەیشتنە شونە ستراتیژیەکان و دوورگەکانی ناو گەروەکە و باشووری دەریای سوور، کە نزیکترینیان لە ەەژەوی کەشتیوانی کەندەاوی عەدەن بە دەریای سوور و کەناڵی سویسەوە دەبەستەتەوە. ئەم گەەانکاریە لەکاتێکدایە، کە گەرووی بابولەندەب گرنگیەکی زیاتری بەدەستهێناوە لە دوای دەستپێکردنی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل بە سەر ئێران لە ٢٨ی شوباتی ئەمساەدا، هەروەها دواتر پێککەوتنی تووندی هاتوچۆی نەوت لەڕێگەی گەرووی هورمزەوە. لەگەڵ کەمبوونەوەی هاتوچۆی نەوت لەڕێگەی گەرووی

هورمزەوە، ھێزەوی دەریای سوور گرنگتر بووە، بەتایبەتی بە سعودیە، کە دەتوانێت نەوتی خاو لە بەشی ھێزەھێلاتی سعودیەوە بگوازێتەوە بە "بەندەری یانبو" لەسەر گەی بەری ھێزەھێلات-ھێزئاواوە، لەوێشەوە بە بازاڕەکان لە ھێگەی دەریای سوورەوە.
ھاوکاتی پێشڕەوی حوسیەکان، نیگەرانیەکان سەبارەت بە دابینکردنی نەوت چڕتر بەتەوە، تیشک دەخرێتە سەر پەرەسەندنی گرنگی گرووی بابولمەندەب لەبەر ھێشنایی پچڕانی ھێگاکانی ھەناردەکردنی وزە لە ناوچەکەدا. بەڵام فراوانبونی کۆنترۆڵی حوسیەکان بەسەر دیوی یەمەن لە گرووکەدا، بەو مانایە نیە کە ئێستا بەتەواوی بابولمەندەبیان کۆنترۆڵ کردووە یان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان دایبخەن، گرووکە لەنێوان یەمەن و کەنارەکانی ئەفریقادا درێژ دەبێتەوە و کێشتیەکانیش بەردەوامن لە ھاتوچۆ، ھاوکات ھێزەکانی دەریایی نەودەوڵەتی تا ئێستا لەو ناوچەیەدا چالاکی دەکەن.
بەدەستەوەگرتنی ئەم گرووە لەلایەن حوسیەکانەوە، کاریگەری لەسەر پێگەی حوسیەکان و دەوری ململانێ و شەڕی ئێران لە بەرامبەر ئەمریکاو ئیسرائیل دا دەبێت، ھێروھا حوسیەکان کاتێک کۆنتڕۆڵی تەواوی گرووکە دەکەن، دەتوانن چاودێری کێشتیە ھاتووچۆکان بکەن و لەھەمانکاتدا وەک بنکەیەک بۆ ھێمەتی فراوانتری ھێرش بۆ سەر کێشتیوانی لە دەریای سووردا بکاری بھێنن. کاردانەوەکانی پێشڕەوی حوسیەکان لە دەوروبەری بابولمەندەب زۆر لە سنووورکانی یەمەن زیاتر درێژدەبێتەوە، گرووکە لە دەی ھێگایەکدایە کە دەوڵەتانی کەنداو بە ھەناردەکردنی وزە پشتی پێدەبەستن، لەھەمانکاتدا نوێنەرایەتی دەروازەی باشووری دەریای سوور و کەناڵی سوێس دەکات.
بەردەوامی ناسەقامگیری لە ھورمز و بابولمەندەب دەتوانێت تێچووی کێشتیوانی و بیمە بەرز بکاتەوە و فشار لەسەر بازرگانی کەنداو زیاد بکات لەسەر ھەناردەکردنی وزە و ھاوردەکردنی. بەردەوامی فشارە ئابوری و ئەمنیەکان دەتوانێت پاڵ بە دەوڵەتانی کەنداوەوە بنێت بە کردنەوەی کەناڵی ڕاستەوخۆی دانوستان لەگەڵ تاران بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، ھاوشانی پەیوەندیە ئەمنیەکانیان لەگەڵ واشنتۆن، بەتایبەتی ئەگەر نەتوانرێت بەخێرایی بگاتە چارەسەرێک کە گەرەنتی سەقامگیری ھێگاکانی ھەناردەکردنی وزە بکات.
بەگوێرەی میدیاکانی ئیسرائیل، پێشھاتە خێراکانی یەمەن و پێشڕەوی گروپی حوسیەکان ئێستا نیگەرانیەکی گەورەی دامەزراوەی ئەمنیی ئیسرائیلە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ترس لە کاردانەوەکانی کۆنترۆڵکردنی حوسیەکانە بەسەر تەواوی گرووی بابولمەندەبدا. بۆیە دامەزراوەی ئەمنیی ئیسرائیل بە نیگەرانیەوە بەدواداچون بۆ پێشھاتەکانی ئەم دواییەی ناوچەی دەریای سوور دەکات، دوای ئەوەی

حوسیەکان لە چەند هێزی هاوبەردووەدا بەردەوام بوون لە دەستبەسەرداگرتنی شارچکە و شوێنەکانی کەنارەکانی باشووری دەریای سوور، لە کۆتایدا کۆنترۆڵی خەیان بەسەر بابولمەندەبدا چەسپاند.
لە هاستیدا ئاوێی لە کەناراوەکانی هێزئاوای یەمەن هووێدا دوای سەرکەوتنی حوسیەکان لە دەستبەسەرداگرتنی گەرووی بابولمەندەب، کاردانەوەی بەرچاوی دەبێت لەسەر ئاسایشی هێگا دەریاییەکان. ئەم هەنگاوە قەیرانەکانی لێئاستی جیهاندا گەورەتر کردووە دوای ئاوێی ئەمریکا نەیتوانی هێگایەک بدزێتەوە بە کردنەوەی گەرووی هورمز بەووی کەشتیوانی جیهانیدا. ئەمش بەو مانایەیە کە ئێران بە هاوکاری حوسیەکان، کۆنترۆڵی دوو لە گەروو هەرە گرنگەکانی ناوچەکەی بەدەستهێناوە کە بەشکی بەرچاوی بازرگانی جیهنیان کۆنترۆڵکردووە.
تائێستا هیچ ئاماژەیەک نییە کە وڵاتانی زلهێزی دنیا بتوانن لەم حاڵەتدا بکەوێتە مامەڵەی دەخڵکە بکەن، یان حوسیەکان واز لە هەڕەشەکردن لە کەشتیوانی نێودەوڵەتی بهێنن، یان هێزەکانی حکومەتی یەمەن بتوانن خەیان کەکەنارەوە و دەخڵکە لەبەرامبەر حوسیەکان بگرێن، هێوداوەکانی ئەم دواییە ئاماژە بە گرێانکاریەکی بەرچاو لە دیمەنی ناوچەکەدا دەکات، پێچەوانەکردنەوەی ئەم گرێانکاریە یان گرێاندنەوەی بە دەخی پێشووی، پێویستی بە کاتێکی بەرچاو دەبێت، هێزەکانی حکومەتی یەمەن پارچە پارچە بوون، حوسیەکان ئامانجێکی ستراتیژیان بەدەستهێناوە کە ئێستەش بە ئاسانی دەستبەرداری بن، هیچ لایەنگیش تا ئێستا ناتوانێت میکانیزمێکی کاریگەر بە چارەسەرکردنی ئەم دەخە بەوشنەیە لە مەژووی کەشتیوانی نێودەوڵەتیدا دابێژێت.
جگە لەوەش سعودیە هەوڵستێکی تاکادیەک دووفاقی دەپارێزێت، هەوڵستی لە نێوان تەوگلانی زیاتر لە شێ، یان وەستاندنی شێ تیا ماوە!. هەموو ئەو پشتیوانیەی ێیاز پێشکەشی هێزەکانی حکومەتی یەمەنی کردووە و بەردەوامی هەیە، بەڵام نەیتوانیوە بەرگەی هێزی حوسیەکان بگرن، سعودیە دووچاری هەرشی سەربازی بووەتەوە کە بووەتە هەی پێکخستنی ئەو بەریانەی کە ناوچەکانی هێژهەات و هێزئاوای وڵاتەکەی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە هێزانە نزیکەی حەوت ملیۆن بەرمیل نەوت لە هێگەی دەریای سوورەوە هەنارد دەکات، ئەمە پێیامێکی بەهێزی هەشداری حوسیەکانە و ئاماژەیە بۆئاوەی کە ئەو گرووپە دەتوانێت زیانێکی زۆر بە ێیاز بگەیەنێت ئەگەر بەیاری درێژدان بە شەڕەکە بدات. لەلایەکی تریشەوە، سعودیە شەڕێکی کراوەی ناوەت، سەرەڕای هەزی ئابووری و سیاسی و سەربازی، خاوەنی پێژەیەکی ئابووری و وەبەرهێنانی گەورەیە کە لەگەڵ جیهاندا یەکتر

دەبێت، نایەوێت بچێتە ناو شەڕێکی دیکەی پڕتبوونەوە، ئەوەی بۆی گرنگە ئاگرتنی هەڕەشە و گەندنەوەی سەقامگیرییە.
مەسەلەکە ئیتر تەنیا پەیوەندی بە لایەنە شەڕکەرەکانی ناو یەمەنەوە نییە، هەروەها تەنیا پەیوەندی بە یەکلاکردنەوەی نمرەی مژووویی نێوان سعودیە لە لایەک و گرووپی حوسیەکان و ئێران لە لایەکی دیکەوە نییە، کاتێک یەکێک لە خوێنبەرە گرنگەکانی (گەرووی هورمز) تێکچوو، هەموو جیهان کاریگەری بەرزبوونەوەی نرخی وزەی لەسەر بوو. ئەگەر لە داهاتوودا خوێنبەرێکی تر (بابولمەندەب) پەیوەندی پێوە بکات چی ڕوودەدات؟ بەگومان وەنەکە زۆر تاریکتر دەبێت بە جیهان، ئەمەش پێویستی بە ڕاچاوکردنی پلانێک هەیە بە دووركەوتنەوە لە سیناریۆیەکی هاوشێوەی ئەوەی لە هورمز ڕوویدا.
بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەشتیە جەنگیەکان و ئەپڕاسیۆنی جەراوجۆری دەریایی لە دەریای سووردا بۆ مانایە نیە کە گروپی حوسیەکان بە خەرایی پاشگەز دەبنەوە، هەروەها جیاوازی بیروڕا لە نێوان ئەمریکا و هەندێک وڵاتی ئەورووپیدا بۆ مانایە نییە کە دەخەکە بەبێ دەستوەردان دەمێنێتەوە، گەیشتن بە لێکتێگەیشتن لەسەر پلانێکی دیاریکراو پێویستی بۆ تێگەیشتنە هەیە کە کێشەی حوسیەکان بەسەر بابولمەندەبدا، ئێران بەهێز دەکات، ئەمەش وای لەدەکات کە بتوانێت کاریگەری خۆی لە گەرووی هورمزدا بچەسپێنێت و ناوەندی قەیرانەکە لەوەوە بگوازێتەوە بۆ بابولمەندەب، پلانەکانی تاران پشت بە سەرقاڵکردنی جیهان بە قەیرانی دەریایی و دروستکردنی ناتەبایی لە نێوان زلهێزەکاندا دەبەستێت.
پچڕانی کەشتیوانی نوودووێتی زیانێکی زۆر بە بەرژەوەندیەکانی زۆربەی وڵاتان گەیاندووە و دەگەیەنێت، پشهاتە خراکان زۆربەیکی کوشندەیان لە ئاسایشی وزە داوە، ئەم کاریگەریە تەنها بە ئەو هاوڵاتیانە سنووردار نەبووە کە لە ئەوروپا و ئەمریکا و ئاسیا دژین، دووەتانی کەنداو وەک بەرهەمهێرانی سەرەکی وزە، کاریگەریەکی بەرچاویان لەسەر بووە، ئێوان پێویستیان بە ڕێکخستن هەیە بە گەڕانەوە بە ئاستی پێشووی بەرهەمهێنان و دەستاگەیشتن بە بازاڕە جیهانیەکان و چاکردنەوەی ئەو ژێرخانانەی کە بەهەی ئەو لەدانە سەربازیانەی لەسەر دەستی ئێران تووشی بوون زیانیان بەرکەوتووە.
ئێستا دوای ئەو لەدانە وێرانکەرانەی، کە حزبوڵا لە لوبنان و حەماس لە کەرتی غەززە و ڕووخانی ژمەی بەشار ئەسەد لە سوریا تووشی بوون، حوسیەکان گرنگترین و بەهێزترین بریکاری ئێرانن لە ناوچەکەدا. هەماهەنگی حوسیەکان لەگەڵ تاران، بەکارهێنانی کەشتیوانی دەریایی وەک هێڵی ئامرازێکی ستراتیژی بۆ نرخ بە ئێران

دەبەخشێت، بڕیارێکی گوشاری بازرگانی، لە دوو گرووی گرنگدا لە یەک کاتدا دەکاتەوە، ئامانجی سەپاندنی واقیعێکی نوێ بەسەر زلهێزە نوودوەتیەکاندا، باشترکردنی پگەی دانوستانی خێراتی لەگەڵ واشنتن و وڵاتانی ئاژاوا، سەبارەت بە پرسە ناوچەیکانی و بڕنامە ئەتۆمیەکەی، ئەمەش بە نیشاندانی ئاوەی کە نفوزی ئران توانای ئاوەی هەیە کە سەقامگیری ئابووری جیهانی بخاتە مەترسیەوە.
ئگەر حوسیەکان بتوانن کۆنترۆڵی خێان بەسەر "بەندەری مەچا"دا بچەسپێنن، ئەوا دەتوانن ببنە ناوەندێکی ستراتیژی پەتانسێل بۆ وەرگرتن و گواستنەوەی چەک و کەرەستە و پێکهاتەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئڕانەوە، بەمەش توانا لەجستی و سەربازیەکانیان لە کێنارەوکانی ئاژاوا بەهێزتر دەکات. بەپچەوانەشەوە بە ێیاز، ەوخانی بەندەری مەچا نوێنرایەتی هەڵی سووری ەوون و هەڵەشەی ەاستەوخێ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیە ئابووریەکانی سعودیە لە دەریای سووردا.
پشهاتەکانی ئەم دواییە تەنها پشتڕاستکەرەوەیەکی زەمینی نییە لەلایەن حوسیەکانەوە، بەڵکو نزیکبوونەوەیان لە بابولمەندەب و کۆنترۆڵکردنی ناوچە کێناریەکان و دوورگەی مایون، هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی هەرشەکان بۆ سەر دامەزراوە نەوتیەکانی سعودیە، ئەم پشهاتە گرانکاری لە هاوکێشەکەدا کردووە، کە پێشتر لە چوارچێوەی شەڕی ناوخێی یەمەن و کابەریە ناوچەییەکاندا قەتیس بووبوو، بە زیادکردنی فاکتەرێکی نوێ، ئاویش کۆنترۆڵکردنی ئاو کێنارانییە کە دەوانێتە گرووی بابولمەندەب، ئەم گرووە تەنیا پارچەیەک لە خاکی یەمەن نییە، بەڵکو ئاوەڵەیەکی ئاوی گرنگە بۆ بازرگانی و وزەی جیهانی، گرنگیەکەی لە ژێر ڕۆشنایی ململانێی گرووی هورمزدا زیاتر دەبێت، بەم شێوەیە ململانێی یەمەن لە ململانێی دەسەڵاتاوە بۆ قەیرانی ئەمنی ناوچەیی و نوودوەتی دگۆڕێت. لە هەمانکاتدا ململانێی ئەمریکا و ئڕان و وڵاتانی زلهێزی دنیا دچێتە ئاستکی ئاوزتر و نالەبارترەوە.

عوسمانی حاجی مارف

ڤیگانیزم؛ هەڵوێستێک لە پێناو ئاژەڵان و زەوی.. نووسینی: هەمن عەلی

ژینگە بە من لەپێش هەموو شتێکەوەیە؛ چونکە بەبێ هەوای پاک، ئاوی پاک و خاکێکی ساغ، ژیانێکی باش نابێت. پاراستنی ژینگەش هەر بە دروشم ناکرێت. پێویستیی بەوە هەیە کە چی دەخەین، چۆن هاتوچۆ دەکەین و چۆن لەگەڵ زیندەوەرانی دەوروبەرمان هەڵسوکەوت دەکەین. لێرەدایە کە ڕووکخەریی تەواو بە من واتایەکی گرنگ وەردەگرێت. من خەم چەندین ساڵە ڤیگانم و بەو هەڵبژاردنە ویژدانم ئاسوودەیە؛ چونکە هەوە دەدەم شەوازی ژیانم لەگەڵ باوەڕەکانم یەک بگرێتەوە.
ڕووکخەریی تەواو، یان «ڤیگان»، شەوازێکی خۆراکە کە گۆشت، ماسی، مریشک، هێلکە، شیر، بەرهەمەکانی شیر و هەنگوین ناگرێتەوە. بە واتا فراوانەکەی، هەوڵێکە بە دوورکەوتنەوە لە چەوساندنەوە و ئازاردانی ئاژەڵان، تا ئەو ڕادەیەی گونجاو و کردەیی بێت. کەواتە تەنها هەڵبژاردنی خۆراک نییە، بەڵکو هەڵوێستێکی ئەخلاقییشە. [١]
بە من پرسیارەکە ڕوونە: ئەگەر بتوانین پەداویستییە خۆراکییەکانمان بەبێ کوشتنی ئاژەڵان دابین بکەین، بۆچی ئەو ڕێگایە هەڵنەبژێرین؟ ئاژەڵ تەنها کاڵایەک نییە بۆ کڕین و فرۆشتن؛ زیندەوەرێکە کە هەست دەکات و ئازار دەچێژێت. بڕیاری ئەمە نابێت لە مرۆڤکاندا سنووردار بێت؛ بڕیارسیاریی ئەخلاقیمان بڕامبەر بە ئاژەڵانیش هەیە.
زۆر کەس دەپرسن: «ئەگەر گۆشت نەخەین، پرۆتین لە کوێوە وەربگرین؟» وەڵامەکە لە زۆرێک لە خۆراکە ئاشناکانی خەمانداییە: نیسک، نۆک، لوبیا، پاقلە، سۆیا و تۆفو، هەروەها گوێز و تۆوی کدو و گوێبەبەڕۆ. بە خواردنی بڕێکی گونجاو لەم سەرچاوە جۆراوجۆرانە، پەداویستیی لەش بە پرۆتین دابین دەکرێت. ڕووکخەریی تەواو ئەوە ناگەیەنێت کە هەر زەڵاتە بخۆیت؛ پێویستی بە ژەمی هاوسەنگ و جۆراوجۆر هەیە.
مرۆڤ دەتوانێت بە خۆراکی ڕووەکی بە تەندروستی بژی، بە مەرجێک خواردنەکانی جۆراوجۆر و هاوسەنگ بن و پەداویستییە خۆراکییەکانی دابین بکرێن. بە تایبەتی، ڤیتامینی B12 دەبێت لە حەبی ڤیتامین یان خۆراکێک وەربگیرێت کە ئەم ڤیتامینەی بە زیاد کراوە. هەروەها، ڕووەکیبوونی خۆراک بە تەنها واتای تەندروستبوونی نییە؛ بۆی خۆ،

شکر و جاری چاوریکەشی گرنگن. [٢]
خواردنی ووشکی بە گشتی زیانی کەمتری بە ژینگە هەیە، بە تایبەتی بە بەراورد لەگەڵ گۆشتی مانگا و مەڕ. بە بەخۆکردنی ئەم ئاژەڵانە، زەویی زۆر بە لەوەڕگا و چاندنی ئالیکیان تەرخان دەکرێت. بەڵام ئەگەر نیسک، نۆک و لوبیا ڕاستەوخۆ بخۆین، بە دابینکردنی خۆراکمان بە گشتی زەویی کەمتر پێویست دەبێت. مانگا و مەڕ لە کاتی هەرسکردنی خۆراکدا گازی میتانیش دەردەدەن؛ گازێک کە گەرمی لە کەشدا ئاڵدگرێت و زەوی گەرمتر دەکات. لەبەر ئەوە، خواردنی گۆشتی کەمتر و خۆراکی ووشکیی زیاتر دەتوانێت یارمەتیی کەمکردنەوەی دەرچوونی ئەم گازە بدات و پێویستی بە فراوانکردنی لەوەڕگا و کێڵگەکان کەم بکاتەوە. [٣]
هەر لەبەر ئەمەیە کە بیرکەر و هەڵوێستەکانی پارتە سەوزەکانی ئەوروپا بە دەمن. من خوازیاری سیاسەتێکم کە پاراستنی ژینگە و مافی ئاژەڵان لە ڕیزی پێشەوەی کارەکانیدا بن. بۆ من گرنگە ئەم ئامانجانە ببنە بەرنامە و هەنگاوی کردەیی: هاندانی خۆراکی ووشکی، کەمکردنەوەی پشتبەستن بە ئەتەمبەڵی تایبەت و گۆشتی ناپێویست بە فڕێکە، پەرەپێدانی گواستنەوەی گشتی و ئاسانکردنی پیاسە و پاسکیلسواری.
مەبەستم ئەوە نییە کە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ئەم پارتانە ڤیگانن یان ئەتەمبەل و فڕێکە بکار ناهێنن. ئەوەی دەمەوێت، هەوڵدانە بە شێوازێکی ژیان کە کەمترین زیان بە سروشت و زیندەوەران بگەیەنێت. [٤]
ئەو کەسەی خەی بە هۆشنبیر دەزانێت، پێویستە ئامادە بێت خووکانی خەیشی بخاتە ژێر پرسیار، تا وتە و کرداری یەک بگرنەوە. سەبارەت بە خواردنیش، دەبە لە خەمان بپرسین: ئەوەی دەیخۆین چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاژەڵان و ژینگە هەیە؟
بە هاندانی خەڵک بەرەو خۆراکی ووشکی، پێویستە بە هەڵوە گفتوگۆ بکەین و سوودەکانی ووون بکەینەوە. چێژی خواردن نابێت پاساوی پشتگوێخستنی ئازاری ئاژەڵان بێت. بە من جێی داخە کە لە ئاژەڵێک تەنها کەباب و تکە ببینین، نۆک زیندەوەرێکی هەستدار. تامەزرۆییمان بە خواردن نابێت سەز و بەرپرسیاریی ئەخلاقیمان لابیر ببات‌ەوە. بە خۆراکی ووشکییش دەتوانین خوانێکی هەنگاوەنگ ساز بکەین و چێژی لە وەربگرین.
لە کوردستان، بە پەرەپێدانی ووشکخۆریی تەواو پێویست ناکات لە هیچەوە دەست پێ بکەین. نیسک، نۆک، لوبیا، باقلا، ساوار و جۆرەها سەوزە لە خوانکانماندا جێگەیان هەیە. شۆربای نیسک، خۆرشتی لوبیا و دەمەی سەوزە دەتوانرێن بە بە گشت و بە بە هیچ بەرهەمێکی ئاژەڵی

لە بنڕەتدا ناوی «ڤیگان» بە هەندێک کەس نوێ بێت، بەڵام زۆربەی پێکهاتەکانی ئەم خۆراکە نامۆ نین.
پێم خۆشە لە کوردستان چێشتخانەی تایبەت بە ڤیوکخۆریی تێدا ببینم و چێشتخانەکانی دیکەش ژمارە ڤیوکییە خۆشتامەکان بخەنە ناو مینیۆی خواردنەکانیان. پێویستە ئەم ژمارانە بە ڤیونی نیشانە بکرێن، تا خەڵک بزانن هیچ بڕهەمێکی ئاژەڵییان تێدا نییە. پێشکێشکردنی ئەم خواردنانە بە نرخێکی گونجاو دەتوانێت لە سەدان دروشم کاریگەرتر بێت.
ڤیگانیزم بە من هاوڕێکە بە ئاوەڵی بە ئاگایی و بەرپرسیارییەوە بژین و چێژی خواردنمان بە ئازاری زیندەوەرانی دیکە نەبەستینەوە. ئاوەڵی دەخێنە سەر خوانمان، پێوەندی بە ژیانی ئاژەڵان و داهاتووی زەوییەوە هەیە. بۆیە گرنگە لە هەڵبژاردنەکانی خۆمانەوە دەست پێ دەکات؛ تەنانەت لە ژمێرکی ڕۆژانەماندا.

سەرچاوەکان:
١. کۆمەڵەی ڤیگان؛ پێناسەی ڤیگانیزم
https://www.vegansociety.com/go-vegan/definition-veganism
٢. دەزگای تەندروستیی نیشتمانیی بەریتانیا (NHS)؛ خۆراکی ڤیگانی
https://www.nhs.uk/live-well/eat-well/how-to-eat-a-balanced-diet/the-vegan-diet
٣. نەتەوە یەکگرتووەکان؛ خۆراک و گۆڕانی کەشوهەوا
https://www.un.org/en/climatechange/science/climate-issues/food
٤. پارتی سەوزی ئەورووپا؛ بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٤ (Courage to Change)
https://europeangreens.eu/2024-manifesto/

کاریگەرییەکانی شەڕی حوسێیکان و سعودیە!.. نوری بەشیر

تووندبوونەوەی شەڕی حوسێکان و سعودیە لە جۆلای ٢٠٢٦دا، بووتە هۆی کاولکاری و کوشتارو ئاوارەیی زۆر لە سعودیەو یەمەن. لەیەمەن

زیاتر لە ١٣٠,٠٠٠ کەس ناچار بووون ماڵەکانیان جێبهێڵن. هەروەها UNHCR هوشداریداوە کە لە سێ مانگی داهاتوودا نزیکەی ١٠٠,٠٠٠هەزار کەسی تر ئاوارە ببن. ئەمە سەرباری خراپبوونی دۆخی ژیان و گوزەرانی ملیۆنها هاوڵاتی یەمەنی کە بە نزیکەی ٢٢ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێن. ژمارەیەکی زۆر لە خێڵکی مەدەنی کوژراون و ژێرخانی ئابووری یەمەن و نۆخشخانەکان، قوتابخانەکان و ماڵ و حاڵی خەڵك و شوێنە مەدەنیەکان زیانی گەورەیان بەرکەوتووە. هەروەها دامەزراوەی نەوتی سعودیە زیانی بەرچاوی بەرکەوتوە بەهۆی هێرشە درێژەکانی حوسیەکانەوە بەسەر پاڵاوتگەکانی نەوت.

بەجیا لەوە، شێوەکە و کۆنترۆڵی باب ئەلمەندەب لەلایەن حوسیەکانەوە تێنگەژەی بە بازرگانی بەو گەروەدا دروستکردوە. حکومەتی سعودیە هەنارد‌کردنی نەوتی لەڕێگای بەندەری یەنبوع لەسەر دەریای سوورەوە ڕاگرت کە لەڕێگەی هێڵی بەری "ئەژهەات ــ ئەژئاوا"وە ئەوانەی دەکرد، وەکو بەدیلێك بۆ گواستنەوەی نەوتی سعودیە لەڕێگای تێنگەی هورمزەوە! هەروەها بەهۆی ئاوەی حوسییەکان پێشڕەویان کردوەو ناوچەیەکی فراوانی تریان دەست بەسەردا گرتووە، بەتایبەت لە کەناری دەریای سوور وکۆنترۆڵی ناوچەی گەروی باب ئەلمەندەب و شارو بەندەری موخایان گرتووە، ئەمە سەرەڕای ئاوەی کە سەنعا و زۆربەی باکوور و ئەژئاوای یەمەنیان لە دەستدایە، بووجەڕە کاریگەری ناوچەیی و جیهانیان بۆ بازرگانی و چونە سەرەوەی نرخی نەوت و کەلوپەلی تر کە لەو ڕەوەوەدا ڕەوانەدەکرا، دروستکردوە.

ئەو پێشڕەوی و باڵادەستیەی حوسیەکان بەرەو کەناراوەکانی دەریای سورو بەتایبەت کۆنترۆڵی زیاتری باب ئەلمەندەب و شارو بەندەری موخا، کاریگەری لەسەر نا ئارامی ناوچەکە دروستکردووە، بەتایبەت لەسەر کێشەی نێوان ئەمریکا و ئێران. بەجگە لەوەی کە پێگەی حوسیەکانی قایمترکردوە لە ململانێکانی ناوچەکەدا، هاوکات توانای مانەرکردنی ئێرانی بەرامبەر بە ئەمریکا لە بارگرژیەکانی نیوانیاندا بەرەوسەرتر بردوەو بگرە بەرامبەر بە ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش پێگەیەکی باشتری بە ئێران بەخشیوە. بەمجۆرە ئەم پێشڕەویانەی حوسیەکان، دامەزێنی شەڕو نا ئەمنی ناوچەکەی فراوانکردەتەوە، کە ئێران ئەمەی دەوێت و لەبەرژەوەندیەتی و لە دانوسان و گفتوگۆی لەگەڵ ئەمریکا پێداگری زیاتر لەسەر مەرجەکانی دەکات.

ئەمریکا لەگەڵ سعودیە ڕاستەوخۆ نەچووە ناو شەڕەکەوە بەدژی حوسیەکان، هەرچەندە سعودیە داوای هاوکاری لە ئەمریکا کرد. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکا نیگەرانە لە ڕەکەوتنی مەکە، کە لەنێوان سعودیەو توركیاو پاکستاندا ئەنجام درا! چونکە لەلایەکەوە

وەکو بڵێکیك بەرامبەر بە ئیسرائیل دەردەکەوێ و لایەکی دیکەوە بەبایەخکردنی نەخشی ئەمریکایە لە پاراستنی دەوڵەتانی کەنداو کە سعودیە یەکێکە لەوان! لایەکی دیکەشەوە ئەمریکا نایەوێ بەرەی شیعەی دیکە دژی خۆی بکاتەوە، بۆیە هەربەوەندی کە حوسێیکان ڕایانگەیاند ڕێگا لە کەشتیەکانی ئەمریکا ناگرن بە تێپەبوون لە باب ئەلمەندەب، ئەمریکاش ئامادە نەبوو هاوکاری سعودیە بکات بەوجۆرەی داوای لێکردابوو!
بەڵام کاتێك ئەمریکا وەڵامی داواکەی سعودیە نادا تۆو هاوپەیمانی مەککەش هیچی پێناکرێ بەرامبەر بە حوسێیکان، ئەوا تواناکانی سعودیە بەرامبەر بە حوسێیکان لاواز دەکات و جێگاوەگای حوسێیکان دەباتە سەرەوە لە ململانێ و دانوساندن لەگەڵ سعودیەدا کە پشتیوانی حکومەتی ڕەسمیی یەمەنە کە حوسێیکان لەدژی دەجەنگن! هاوکات ئەم دەخڵە تازەیەی دوای پشتیوانەکانی حوسێیکان، وایکرد کە قەتەرو پاکستان وەک نوێنەرگیری نەوان ئێران و ئەمریکا هەوڵەکانیان چەتربکەنەوە بە کەتایی بە جەنگی نێوان ئەمریکاو ئێران.
هەر لەوبارەوە موحسن ڕەزایی، لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ تەڵەی هەواڵی جەزیرە، دوایین پێشهاتە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی وڵاتەکەی خستەڕوو و ئاشکرای کرد کە ئێران لەگەڵ نێوەندگیری دەوڵەتی قەتەرەوە لە پەیوەندیی بەردەوامدایە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و مەرجەکانی تارانی بە ڕاگرتنی جەنگ و هەورکردنەوەی ئاڵوگۆڕەکان ئاڕاستەی واشنتۆن کردووە. هەروەها ڕۆژی ٢١ی سێپتەمبەر وەزیری ناوخۆی پاکستان سەردانی تارانی کردوە بۆ مەبەستی نێوەندگیری نێوان ئەمریکاو ئێران.
ڕاستی دەخی خراپی ئەمریکا لە جەنگی لەگەڵ ئێراندا، لە قسەکانی ترەمپ دا لەبەردەم ٨١ یەکەمین کابووناوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕۆژی ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦ دەردەکەوێت. ترەمپ بەجیا لەوەی وەک پیشەی هەمیشەیی کۆتە پیاهەڵدان بەسەر ئەمریکاو توانای سەربازی و ئابوریەکەیدا، کەمەك هەڕەشەی ئاراستەی ئێران کردو چەند مەرجێکی بە هەکۆتن لەگەیدا خستەڕوو. هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر هەکۆتنەك لەگەڵ ئێران نەکرێت، ئەمریکا دەتوانێت هەرشی زەر گەورەتر بکات و تاکیدی کردەوە کە دەتوانێت؛ "ئێران لەناوببات"، بەڵام هاوکات داوای لە هەموو وڵاتان کرد لە چەسپاندنی گەمارۆی ئابووری بە سەر ئێران لەگەڵ ئەمریکادا هاوکاری بکەن! هەروەها وتی هەشتا دەرگای گفتوگۆ و هەکۆتن کراوەیە. دوای ئەم قسانەی ترامپ، کابونەوەیەك لەنێوان ستاف ویتکۆف، نێردەی تایبەتی ئەمریکا بە هەژهەژاتی ناوەڕاست و وەزیری دەرەوەی ئێران

عەباس عەراقچی و دەستەی دیپلۆماسیی ئێران بووچوو.
لێرەدا دەکرێت ئاوڕ بدەینەوە کە چۆن جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل بەسەر ئێران و داخستنی گەروی هورمز بەجیا لە کاریگەریەکانی بەسەر رژێمی ئێران و توانا سەربازی و ئابوریەکانی و توندکردنەوەی باری گرانی سەرشانی خەڵك و کاولکاری و وێرانکردنی زێرێك لە ناوەندە خزمەتگوزاریەکان، هاوکات کاریگەری لەسەر جەگاو پگەی ئەمریکاو توانایەکانی بۆ سەپاندنی هەژمونی خۆی و بادەستیی سەربازی ئیسرائیل و نائارامکردنی ژیانی خەڵکی ئیسرائیل خەڵکەکەی دانا، سەرباری کاریگەریە ناوچەیی و جیهانیەکانی لە پەیوەند بە گرانی نرخی وزەو کاناکان و زیادکردنی بارگرانی بەسەر شانی خەڵکی دنیا، ئاوا لە ئاستکی دیکەدا، شەڕی حوسیەکان و سعودیە کاریگەری لەسەر دۆخی ئابوری و سەقامیگری ئەمنی ناوچەکە دەکات.
توندبوونەوەی شەڕی حوسیەکان و سعودیە، هەروەک چۆن جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل بەسەر ئێران؛ ترس، کوشتار، کاولکاری و نائەمنی بۆ ناوچەکە هێنا، بەهەمانشێوە کاریگەری دەبێت و هەڵومەرجی ناوچەکە بەرەو خراپتر دەبات و فەزای هەزی میلیشیایی و کۆنەپەرستی لەناوچەکەدا بەهێز دەکات، بێ هیچ ئازادیخواز و کرێکاری و کۆمۆنیستەکان زەرورە هەروەک بەدژی سیاسەت و جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل وەستانەوە، بەهەمانشێوەش بەدژی سیاستی کۆنەپەرستانەو شەڕخوازانەی حوسیەکان و سعودیە بوەستنەوە، کە هیچ بەرژەوەندیەکی خەڵکی ناوچەکەو ئاو وەاتانشی تێدا نیە.

نوری بەشیر

نامەیەک لە زیندانەوە.. ئەحمەد کامەران

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

AhmadKamaran_NamaDownload

گریانی شەونم.. شیعری شەهلا نوری

کاتێک شەو،
سەرمای پاییز لە باوەش دەگرێت
دڵۆپە نەرمەکانی شەونم،
لەسەر ڕووی ساردی بەردەکان و گوڵەای نوقمی خەون،
دەبنە بلووری فینک بۆ ملوانکەی گەردنی شەو...

ئەم فرمێسکانە،
نە لە ناخی ماتی ڕووەکەوە دەژێن،
نە بارانن،
نە هەناسکی کپی چەم...

ئەم دڵۆپانە،
دیاریەکی پاکی ئاسمانن
بۆ سەر سینەی گوڵا ژاکاوەکان،
بۆ ئاونگی شیلەی لەوی یار.

شەهلا نوری